**رۆشنبیران ، كەسایەتیە ولاَتپاریزەكان**

**هاوڕێ دەگەڵ سڵاو و ڕێزماندا ...**

**ئەم پرۆژەیە بەمەبەستی پێكهێنانی بەرەیەكی ئۆپۆزیسیۆن پێشنیار كراوە ، داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەین كە بەسەرنج و رامانەكانی خۆتان دەوڵەمەندی بكەن . خوازیارین كە ئێوەی بەڕێزیش لە توكمەكردنی پرۆژەكە و بەشداریكردنی پێكهێنان و چالاككردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن رۆڵی بەرچاو بگێڕن .**

**لەسەر ئەم نیشانانە سەرنج و رامانەكانتان رەوانە بكەن :**

bereygorran@yahoo.com bereygorran@hotmail.com

---

# پرۆژەی پێشنیاركراو بۆ پێكهێنانی بەرەی گۆڕانی دیموكراتی كوردستان

## لەژێر دروشمی: لەپێناو ژیانێكی باشترو دەستاودەستكردنی دەسەڵات دا

**پێشەكی:**

لەمێـژووی خـەباتی رزگـاریخوازیی گـەلی كوردسـتاندا راپـەڕینی جـەماوەری بـەهاری سـاڵی 1991 سـەرەتای وەرچـەرخانێكی گـرنگ بـوو. دواتـریش بڕیـاری گواسـتنەوەی دەسـەڵات لەدەسـەڵاتێكی شۆڕشـگێڕییەوە بـۆ دەسـەڵاتێكی شـەرعی هەڵبـژێراو، قۆنـاغێكی تـازەبوو. هەڵبـژاردنی یەكـەم پەرلەمانی كوردستان لەساڵی 1992 بۆ ئەوەبوو كە ئیتر لەدیاری كردنی دەسەڵاتو جۆرو شێوازی فەرمانڕەواییدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتو سەنگی مەحەك بێ، بەڵام بەداخەوە هەر لەراگەیاندنی ئاكـامی هەڵبژاردنـەوە ئـیرادەی گـەل پێـشێل كـرا، دوور لەپرنـسیپەكانی دیمـوكراتیو لەرێگـەی رێككەوتنێك هەموو دەسـەڵاتەكان لەنێوان دوو لایەنە براوەكەدا دابەش كران، دواتر ئەم سیستەمە بەبنبەست گەیشت، سەرەنجام شەرێكی خوێناوی كاولكەری نێوەخۆی لێكەوتەوە، ئەگەر بارودۆخە نێودەوڵەتیەكە یارمەتی دەرنەبووایە، لەوانەبوو هـەموو ئـەو دەستەكەوتانەی كە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیو راپەڕینی جەماوەری بەدەست هـاتبوون، لەدەست بچوبان. ئاكام بە ویستی ئاشتیخوازانەی گەلەكەمانو كۆششی دۆستانمان لەجیهاندا توانرا شەڕەكە كۆنترۆڵ بكرێو زمانی گفتوگـۆ بـۆ چارەسـەری كێـشەكان هەڵبـژێردرێ. خۆشـبەختانە لەپرۆسـەی ئـازادی عێراقـدا كـە هاوپەیمانان رژێمی بەعسیان رووخاند، گوتارێكی هاوبەشی كوردستانی هەبوو، بەهۆی ئەو گوتارە

هاوبەشەو یەکگرتوویی ریزەکانی گەلی کوردستانەوە، توانرا بەشێك لەماف و دەستکەوتی گرنگ لە دەستوری عێراق بۆ گەلی کوردستان بچەسپێنرێ.

شەڕی ناوخۆ کۆمەڵێك دەرهاویشتەو دیاردەی خراپی جێهێشت، ئەمەش کۆسپێکی گەورەی لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتی و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە لەهەموو ئاستەکاندا دروست کرد. دابەش بوونی حکومەتی هەرێم بۆ دوو دەسەڵاتی حزبی، بواری لەبەردەم رای جیاوازو ئازادی سیاسی بەرتەسك کردەوە. ئەمەش زیاتر بەزیانی رەوتی دیموکراتی و هێزی پێشکەوتنخواز تەواو بوو. ئاشکرایە کە بارودۆخی شەڕی ناوخۆ دیاردەی فرەحزبی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا شێواندو رەوشێکی ئاوارتەی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئێستا لەئاکامی ئاشتبوونەوەی گشتی بارودۆخەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێ و دوو ئیدارەیی کۆتا بووە، ئیدی پێویستە پرۆسەی دیموکراتی بچێتەوە سەر سکەی خۆی و ژیانی حزبایەتی رەوشی ئاسایی وەربگرێتەوە، بێگومان ئەمە ئەنجام نادرێ ئەگەر هێزە سیاسیەکان لەپرۆسەیەکی دیموکراتیانەدا لەململانێدا نەبن، بەم پێیە دەبێ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز لەململانێی دەسەڵات دا هەبێ.

ئێستا دوای ئەوەی هەموو هێزەکانی ناو پەرلەمان لەپێکهێنانی حکومەتدا بەشدارن، هیچ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەمان نەماوە، ئیدی هەموو بەشێکن لەدەسەڵات. ئێمە چوار لایەنی سیاسی کوردستان لەروانگەی باوەڕبوونمان بەخەباتی دیموکراتیانە، لەدەرەوەی پەرلەمان، لەچوارچێوەی بەرەیەکی هاوبەش لەژێرناوی (بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان) وەك هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن خۆمان رادەگەیەنین و بەرەی گۆڕان دەکەینە ئەو ناوەندە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کە باوەڕیان بەتێکۆشانی دیموکراتیانە هەیەو کار بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئازادو شارستانی دەکەن.

بەرەی گۆڕان وەك هێزێکی چاودێر بەسەر دەسەڵاتەوە بەشێوازێکی شارستانیانە رووبەرووی هەر دیاردەیەك دەبێتەوە کە لەگەڵ پرنسیپەکانی دیموکراتی وبەرژەوەندەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی ناکۆك بێ و مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکا.

بەرەی گۆڕان بوونی شەفافیەت لەبڕیاری سیاسی و کاری ئیداری و کارکردن بەپێی یاسا بەبنەما دەزانێ، لەنەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و دژی قۆرخ کردنی دەسەڵاتەو کار بۆ بەدامەزراوەیی کۆمەڵگە دەکا لەرێگەی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوێرکردنی دەسەڵاتەکانی حزب و دین لەدەوڵەت.

بەرەی گۆڕان لەروانگەی باوەڕی بەفرەیی و قبوڵ کردنی جیاوازیەکانی یەکتری بەبێ لەبەرچاوگرتنی دیدوبۆچوون و ئایین و ئایینزاو نەتەوە... هتد جێگەی هەموو ئەو کەس و لایەنانەیە کە باوەڕیان بەخەباتی دیموکراتیانە هەیەو لەپێناو نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ و یەکسانی نیوان ژن و پیاودا کار دەکا.

بەرەی گۆڕان لەخەباتی مەدەنیانەی خۆیدا بۆ کارابوونی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکاو ئازادی رۆژنامەگەری بە مەرجێك لەخستنە سەر ڕێی رەوتی دیموکراتیو پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی دەزانێ.

بەرەی گۆران مافی تورکمانو ئاشوریوکلدانوعەرەب لەکوردستان بە رەوا دەناسێو لەپیناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان تیدەکۆشێ.

بەرەی گۆڕان لەخەباتی نیشتمانیانەی خۆیدا ئەو کۆدەنگیو هەماهەنگییەی نێوان هێزە نیشتمانیەکان لەسەر بنەمای رێزگرتن لەجیاوازییەکانی یەکتر بەپێویست دەبینێ بۆ زیاتر چەسپاندنو بەرەو پێش بردنی مافەکانمان لەدەستوری عێراقداو بۆچەسپاندنی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤوسەلماندنی مافی چارەنوسی گەلان تیدەکۆشێ، شێلگیرانە لەپێناو جێبەجێ کردنی مادەی 140 لەدەستوری هەمیشەیی عێراق، بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان تیدەکۆشی.

بەرەی گۆڕان راشکاوانە پشتیوانی لەداخوازییە رەواکانی گەلەکەمان لەپارچەکانی تری کوردستان دەکاو هاوکاری کردنی بزاڤە رزگاریخوازەکەی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەئەرکێکی نەتەوەییو مرۆیی دەزانێ.

## ئامانجەکانی بەرەی گۆڕان

**A - پرسی نەتەوەییو نیشتمانی:**

1- کارکردن بەپێی دەستوور چەسپاندنو بەرەوپێش بردنی مافەکانی گەلی کوردستانو کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی مادەی 140 لەدەستووری عێراق بۆ گەڕانەوەی کەرکوكو ناوچەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

2- لەدەستووری کوردستان مافی (تورکمان، کلدان، ئاشووریو عەرەب) بچەسپێندرێو رێز لەهەموو بیروباوەڕێکی ئایینی بگیرێ.

3- سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەب کردنو قەرەبوو کردنەوەی ماددیو مەعنەوی زیان لێ کەوتووانی سیاسەتی شۆڤێنستی بەعس.

4- کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانی سەرتاسەریو بۆ یەکخستنی گوتاری کوردستانیان بکرێ. لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی کوردو بەچاودێر وەرگرتنی نوێنەرێکی کورد لەنەتەوەیەکگرتووەکان، گۆنگرەیەکی نێودولەتی بەئەرکی لەپیشینە دەزانێ.

5- پشتیوانیو هاوکاری کردنی بزاڤی ئازادی خوازانەی گەلەکەمان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لە پارچەکانی تری کوردستان بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانیان.

6_دژی هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی رادەوەستێ.

7_ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

B - دیموكراتیزەكردن و بنیات نانی كۆمەڵگەی مەدەنی :

1- بۆ چەسپاندنی پانتایی ئازادی سیاسی و رادەبڕین و دەستاو دەست كردنی دەسەڵات بەشێوەیەكی دیموكراتیانە، تێدەكۆشی.

2- داڕشتنی دەستوورێك بۆ كوردستان لەسەر بنەمای لێك جیا كردنەوەی هەرسێ دەسەڵات (پەرلەمان- حكومەت- داد) بەجیا كردنەوەی دین لەدەوڵەت.

3- شەفافیەت لەبڕیاری سیاسی و ئیداری و هاوێر كردنی دەسەڵاتی حزب لەحكومەت، زەمینە سازكردن بۆ كارابوونی رۆڵی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەگەری.

4- لەپێناو ئازادیەكانی تاك و چەسپاندنی مافەكانی ژن لەدەستوورو كارپێكردنیان تیدەكۆشی.

5- قوڵكردنەوەی گیانی تەبایی و لێبووردەیی لەنیو پیكهاتەكانداو رێگرتن لەهەموو توندڕەوییەكی فكری و سیاسی و كۆمەلایەتی، بەرنامەرێژكردنیان لەپرۆگرامەكانی خوێندندا.

6- بۆ ئەوەی لاوان رۆڵی خۆیان لەبەرەوپێشبردنی كۆمەڵگەدا ببینن و بەشداری لەبڕیارداندان و بەڕێوەبردندا بكەن، دەبێ مافی خۆپالاوتن بۆ تەمەنی 22 ساڵ نزم بكرێتەوە

C- كۆمەلایەتی و ئیداریی:

1- كاركردن لەپێناو نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و بنبڕكردنی جیاكاری لەنێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگە.

2_ قەرەبووكردنەوەی ئەوانەی كەلەرابردودا بەهۆی سیاسەتی رژێم وشەڕی نێوخۆ زیانیان لێكەوتووە.

3_ چەسپاندنی باری ئاسایش و ئارامی تاك و كۆمەڵگە.

4_ دادپەروەری كۆمەڵایەتی ودابین كردنی بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ بێكارو پیرو پەككەوتەو كەمئەندامان.

5_ چارەسەركردنی قەیرانەكانی رۆژانە (ئاو، كارەبا، سووتەمەنی و نیشتەجێبوون.. هتد..).

6_ قەدەغەكردنی كاركردن و توندوتیژی دژی منداڵ و مێردمندال، دابینكردنی باخچەی ساوایان و شاری یاری بۆیان.

7_ ژیانێكی ئازادو هاوچەرخانە بۆ لاوان دابین بكریٚ و كۆت و بەندی كۆنەپارێزی وەلا بنرێن.

8_ هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرو ئەدەب و كولتووری كوردی و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەكان.

9_ پاراستنی ژینگەو ئاوەدان كردنەوەی لادێكان بەشێوازی هاوچەرخ.

10_ سوود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیایی پێشکەوتوو لەبنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری‌و داڕشتنی سیستەمێکی ئابووری پێشکەوتووی ئازاد کە دادی کۆمەڵایەتی بەبنەمابگرێ.
11_ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو خوێندن‌و داڕشتنەوەی بەشێوەیەکی هاوچەرخ، کە پەرە بە پەروەردەی دیموکراتی‌و مافی مرۆڤ بدا.

## پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان

### ماددەی یەکەم: پێناسە

یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی ئەو هێزو لایەن‌و کەسایەتیە کوردستانیانەیە کە باوەڕیان بە تێکۆشانی دیموکراتیانە هەیەو کار بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی ئازادو دیموکرات دەکەن.

### ماددەی دووەم:

**ناوی بەرە**(بەرەی گۆڕانی دیموکراتی کوردستان)
دروشمی بەرە: لەپێناو ژیانێکی باشترو دەستاودەستکردنی‌دەسەڵات دا.
ئارمی بەرە :
رەنگ.. پرتەقالی

### ماددەی سێیەم: پێکهاتەی بەرەو ئەندامیەتی لەبەرە

1- ئەنجومەنی بەرە: لەسێ نوێنەری هەر لایەنێکی ئەندام لەبەرە پێک دێ‌و دوومانگ جارێک کۆدەبێتەوە.
2- دەستەی کارگێڕی: لە نوینەرێکی هەریەک لەلایەنەکان (پارت‌وکەسایەتیەکان) پێکدێت، مەکتەبی پەیوەندی، راگەیاندن‌و دارایی پێکدەهێنی.
3- سەرۆکی بەرە: دەستەی کارگێڕی هەر شەش مانگ جارێک یەکێک لەئەندامانی خۆی وەک سەرۆکی بەرە دەست نیشان دەکات.
4-ئەندام: هەر پارت‌و رێکخراوێک‌و کەسایەتیەکی بێلایەن باوەڕی بەتێکۆشانی دیموکراتیانەو ئامانجەکانی بەرە هەبێ دەتوانێ بەنوسراوێکی رەسمی داوای بەرئەندامێتی بکات، دوای رەزامەندی ئەنجومەن بەئەندام وەردەگیرێ.
5- کەسایەتی بێلایەن بەڕەزامەندی 3/2 دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن ئەندامێتی وەردەگیرێ.
6- پارت‌ولایەنە سیاسیەکان بەدەنگی نیو +1ی دەنگی ئەنجومەن دەبێتە ئەندام.

7- لەكاتی پێویست  لە شاروشارۆچكەكاندا لیژنە پێك دەهێنیٚ .

## ماددەی چوارەم: وازهێنان و لەدەستدانی ئەندامێتی.

1- پارت و كەسایەتیەكان  لەدەست كێشانەوە(وازهینان) ئازادن .

2- ئەندامیەتی لەبەرە لەدەست دەدا:

أ/ ئەگەر بیٚ پرسی بەرە بچێتە نێو بەرەیەكی تر، یاخود ببێتە ئەندامی بەرەیەك كەئامانجەكانی دژی بەرەی گۆڕان بێت .

ب/ ئەگەر لەسیاسەتی رۆژانەو ئامانجەكانی بەرە لابدات.

ج/ ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن سەرپێچی پرینسیپەكانی بەرە بكات، دەستەی كارگێڕی دەتوانیٚ ئەندامێتی لیٚ بسێنیتەوە.

## ماددەی پێنجەم:

جگە لەو بڕگانەی لەماددەكانی پێشوو كەرێژەیان بۆ دیاری كراوە بڕیارەكان بەنیو+ یەك وەردەگیریٚ.

## ماددەی شەشەم: بوون بەیەك و هاوپەیمانیەتی.

1- لایەنەكان سەربەخۆیی رێكخراوەیی و سیاسی خۆیان دەپارێزن.

2- لایەنە سیاسیەكانی ئەندامی بەرە، ئەگەر لەرووی ریكخراوەیەوە یەكیان گرت، تەنیا وەك یەك لایەن مامەڵەیان لەگەڵ دەكریٚ.

3- هاوپەیمانێتی و خۆهەڵوەشاندنەوە بەتێكڕایی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەبیٚ.

## ماددەی حەوتەم: دارایی

1- هەر پارت و رێكخراوێك ببێتە ئەندام دەبیٚ پابەند بیٚ بەدابینكردنی ئەو بڕەی مانگانە ئەنجومەنی بەرە بۆی دیاری دەكا.

2- ئەو دەسكەوتانەی بەرە خۆی  بەدەستی دێنیٚ.

3- لەخەرج و داهات سیاسەتی روون و كراوە پیادەدەكریٚ و هەر دوومانگ جارێك مەكتەبی دارایی بەرە شێوەی خەرج و داهات بۆ ئەنجومەنی بەرە راپۆرت روون دەكاتەوە.

**پرۆژەی هاوبەشی :**

--------------------

**بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان**

**بزووتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان**

**پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان**

**حزبی رزگاریی كوردستان**

2006-7-30

bereygorran@hotmail.com bereygorran@yahoo.com